هەرێمی کوردستانی عێراق
لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان
ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی(زانستی )
SN: 600004965

بەناوی خوای گەورە

ناو: _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _
بابەت: زیندەزانی/ کات :3.30 کاتژمێر
ساڵی خوێندنی 2020-2021 (خولی دووەم)

A
91200

وەڵامی راست هەڵبژێرە: (بۆ هەر پرسیارێك دوونمرە)

1.ئەو هەوایەی لە سییەکان دێتەدەرەوە راستەوخۆ پێش ئەوەی بچێتە بۆری هەوا تێدە پەڕێت بە :-
A–قورگ B–بۆریچکەکانی هەوا C-سیکڵدانۆچکەکانی هەوا D–دوولقە بۆری هەوا

2.کام لەم جووتانەی خوارەوە هەڵەیە؟
A–تەوەرەی مایلینی: ماددەی خۆڵەمێشی درکە پەتك B-لق و پۆپ : ماددەی سپی مێشك
C–تەوەرە بێ مایلینەکان : ماددەی سپی مێشك D–هەموو وەڵامەکان هەڵەن

3.کام لەمانە راستەوخۆ دەبێتە هۆی گۆران لە پێدارۆیشتنی پەردەی خانەی دوای گەیێنکە لە رێگەی کارتێکردن لە جۆگە ئایۆنەکاندا لە کاتی گواستنەوەی دەمارە راگەیاندن لە گەیێنکەدەماردا؟
A–گەیشتنی ئەرکی کار بۆ دەمارە کۆتاییەکان B-بەرەڵابوونی دەمارە گوێزەرەوەکان لە ناو گیێنکە قلیشدا
C-بەستنەوەی نێوان دەمارە گوێزەرەوەکان و گەردە وەرگرەکان D–لکانی گەیێنکە چیکڵدانەکان بە پەردەی پێش گەیێنکەوە

4.رووی لێکچوون لە نێوان مۆخی زەردی ئێسك و مۆخی سووری ئێسك ئەوەیە کە هەردووکیان؟
A–لە ئێسکی درێژدا هەن B–لە خانەی چەوری پێکدێن C-خانەکانی خوێن دروستدەکەن D–لە ئێسکی ئیسفە نجیدا هەن

5.بوونی کۆکایین لە گەیێنکە قلیش دووبارە مژینەوەی دۆپامین دەوەستێنێت چونکە کۆکایین کاردەکاتە سەر کاری :-.
A–وەرگرەکانی دووبارە لە پەردەی دەمارە خانەی پاش گەیێنکەدا B–وەرگرەکانی دووبارە لە پەردەی دەمارە خانەی پێش گەیێنکەدا
C–وەرگرەکانی پرۆتینی لە پەردەی دەمارە خانەی پاش گەیێنکەدا D–جۆگەکانی ئایۆنی سۆدیۆم لە پەردەی دەمارە خانەی پاش گەیێنکەدا

6.............کەسی ئاڵوودەبوو لە ژەمی کوژەر نزیك دەبێتەوە.
A– پێش بەرگە گرتن B– پێش پشت بەستن C–هەر کاتێك ژەمی کارا زیاد بکات D–دوای دابڕان

7.کاتی منداڵبوون کۆرپەلە بە..................دەروات کە هەردووکیان زۆر فراوان دەبن بۆ تێپەڕبوونی کۆرپەلە.
A–ملی منداڵدان و زێدا. B–جۆگەی فالوب و زێدا C-زێ و میزەڕۆدا . D–ملی منداڵدان و میزەڕۆدا

8.بە پشت بەستن بەو خشتەیەی بەرامبەر کە ئە نجامی چەندلێکدانێکی تاکە دووڕەگبوون دەردەخات .لە هەر لێکدانێکدا 100 تاك پەیدابوون، لە کام لێکداندا دەکرێت تەنها یەکێك لە دوو باوانەکە دووڕەگ بێت؟

| لێکدان | ژمارەی ئەو تاکانەی روخساری زاڵ دەردەخەن | ژمارەی ئەو تاکانەی روخساری بەزیو دەردەخەن |
|---|---|---|
| 1 | 74 | 26 |
| 2 | 51 | 49 |
| 3 | 100 | 0 |

A- تەنها 1
B- تەنها 2
C- 1 و 2
D- 2 و 3

9.کام لەمانە تاکی دووڕەگی هەیە؟ .
A– کەروێشکی قاوەیی B–رووەکی پۆلکەی گوڵ لووتکەیی C-رووەکی پۆلکەی کەلوو زەرد D–هەموو وەڵامەکان هەڵەن

10.لە کرداری دروست بوونی ئێسکی کام لەمانەی خوارەوەدا ئێسکە خانەکان پەرش و بڵاو دەبن بە شێوەی هەرەمەکی لە بەستەرە شانەی کۆرپەلەدا، بەڵام ئەم ئێسکە خانانە زۆر بەخێرایی بە شێوەی چینەکان یەکدەگرن بۆ ئەوەی ببنە پەرەی تەخت بوو لە ئێسکدا :-
A–ئەو ئێسکانەی بەشێوەی رەق دروست دەبن بێ ئەوەی لە سەرەتادا بە قۆناغی کرکراگەیی تێپەر بن B–لە هەموو جۆرە ئێسکێکدا
C-ئەو ئێسکانەی لە سەرەتادا بە قۆناغی کرکراگەیی تێپەر دەبن D–تەنها لە ئێسکەکانی پەلە پەیکەردا


11.ریشاڵەکانی لووسە ماسولکە جیاوازن لە ریشاڵەکانی پەیکەرە ماسولکە بەوەی کە ریشاڵەکانی لووسە ماسولکە :-
A–بە بەستەرە شانە دەورە نەدراون B–بە بەستەرەشانەیەك دەورە دراون کە یەکدەگرن بۆ پێکهێنانی ژێیەکان
C–بە بەستەرەشانەیەك دەورە دراون کە یەکناگرن بۆ پێکهێنانی ژێیەکان D–ناووکی زۆریان تێدایە

12.کام لەو هۆرمۆنانەی خوارەوە لە ستیرۆیدە هۆرمۆنەکانە و توانای توانەوەی هەیە لە چەوریدا ؟
A–ثایرۆکسین . B–ثایرۆنینی سیانە یۆدی .C-کۆرتیزۆڵ . D–هەموو وەڵامەکان راستن

13.کام لە ئەمانە دەربارەی دژە پەیداکەرەکان راستە :- A–ماددەیەکە لەش وریا دەکاتەوە بۆ بەرهەمهێنانی دژە تەنێك بۆی
B- دژە پەیداکەرەکان کە بە سروشتی لە لەشدا هەن هانی هیچ وەڵامدانەوەیەك نادەن
C- هۆکارەکانی نەخۆشی یان بەشەکانیان و , ژەهری بەکتریا و, ژەهری مێرووەکان و , دەنکەهەڵاڵە لە جۆرەکانی دژە پەیداکەرن
D–هەموویان راستن

14.جومگەی.............. دەتوانێت باڵ بە سوڕێکی تەواو بسوڕێنێتەوە .A- تەوەرەیی B- ریزەیی C- گۆیی D–خلیسك

**15**.لەم شێوەیەی بەرامبەردا کام ڕەنوس ئاماژە بۆ ئەو ناوچەیە دەکات کە لەکاتی گرژبوونی تەواوی پەیکەرە ماسولکە دیارنامینێت ( وون دەبێت )؟





1-**A**

2-**B**

3-**C**

4-**D**

**16**.بە پشت بەستن بەو شێوەیەی بەرامبەر وەڵامی ڕاست لەو خشتەیەی خوارەوە هەڵبژێرە:-




| | کام پێکهاتە لەگەڵ ئەو ماسولکانەی پێوەی بەندن وا دەکات کە تیشکی ڕۆشنایی هاتوو بۆ ناو چاو بشکێتەوە؟ | ئەو پێکهاتانەی کە ڕۆشنایی پێدا تێپەڕ دەبێت | چینێکی پارێزەری ڕوونە کە ڕۆشنایی بۆ یەکەم جار پێدا تێپەڕ دەبێت | ملیۆنان تەوەرەی ئەو دەمارەخانانەی لە چاو دەردەچن کام پێکهاتە پێکدێنن؟ |
|---|---|---|---|---|
| -A | 3 | 1 ، 3 ، 4 ، 2 | 4 | 6 |
| -B | 1 | 1 ، 3 ، 2 | 2 | 5 |
| -C | 3 | 1 ، 3 ، 2 | 4 | 6 |
| -D | 1 | 1 ، 3 ، 4 ، 2 | 2 | 5 |

**17**.ڕووەکەکانی پۆلکە ئاسایی لە ڕێی ............زۆردەبن , مەندل توانی ڕێگە لەم جۆرە پەڕینە بگرێت بە لا بردنی ........گوڵەکانی ڕووەکێکی دیاریکراو:- **A**- پەڕینی خۆیی ، کۆسپی **B**- پەڕینی خۆیی ، پۆرگی **C**-تێکەڵە پەڕین ، کۆسپی **D**–تێکەڵە پەڕین ، پۆرگی

**18**.خانە تووشبووەکان بە نەخۆشی دەناسرێنەوە لە لایەن خانەکانی Tی ژەهراوی چونکە ............لەسەر ڕووی خانەکانی Tی ژەهراوی هەیە کە تەواوکەرن بۆ ئەو ..............کەلە سەر خانە تووشبووەکان بە نەخۆشی هەیە.

**A**-وەرگرییە پرۆتینیەکان , دژەپەیداکەرانەی. **B**-دژەپەیداکەرە ڤایرۆسییەکان , وەرگری پرۆتینیانەی

**C**-دژەپەیداکەرە ڤایرۆسییەکان , دژە پەیداکەرانەی **D**-وەرگری پرۆتینیەکان , وەرگری پرۆتینیانەی

**19**.مووە خانەکان دەکەونە ناو:-

**A**-کەوانە جۆگەکان **B**-دەزگای کۆرتی **C**-گوێی ناوەڕاست. **D**-( **A** ,**B** ) هەردووکیان ڕاستن

**20**.لە کام کرداری گواستنەوەی خوێنی خوارەوەدا دەشێت کارلێك لە نێوان دژە پەیداکەری Rh و دژەتەن بۆ Rh ڕوویدات؟

**A**-( $AB^+$ ) ⟵ ( $AB^-$ ) **B**- ( $O^-$ ) ⟵ ( $B^+$ ) **C**- ( $A^+$ ) ⟵ ( $B^+$ ) **D**-( $B^-$ ) ⟵ ( $B^-$ )

**21**.لە باری ئاسایی ( بە زۆری ) بەرگرییە کۆئەندام پەلاماری خانەکانی لەشی خۆی نادات، لەبەرئەوەی ئەو لیمفەخانانەی لەش کە خانەکانی لەشی خۆیان دەناسنەوەو کارلێکیان لەگەڵدا دەکەن:-

**A**-لانابرێن پێش گەشەکردنیان **B**-لە مۆخی ئێسکەوە دروست نابن

**C**-لادەبردرێن پێش گەشەکردنیان **D**-لەش دژە تەن دروست دەکات بۆ لەناوبردنیان

**22**.میزەڕۆ جۆگەیەکە کە:-

**A**-میز و تۆوەخانەکان بە ناویدا دەڕوات و لەشی نێرە بەجێدێڵێت لە هەمان کاتدا **B**-تەنها میز بە ناویدا دەڕوات و لەشی نێرە بەجێدێڵێت

**C**-شلەی دەردراو لە تۆاوە چیکڵدانەکان تێیدا لە گەڵ تۆوەخانەکان تێکەڵ دەبێت **D**-( **B** + **C** ) هەردووکیان ڕاستن

**23**.کام لەمانە دەربارەی سپڵ ڕاست نییە؟ **A**-گەورەترین لیمفە ئەندامە. **B**-هۆکارەکانی نەخۆشی لە لیمف کۆدەکاتەوە

**C**-لیمفەخانەکانی تێدا هەیە. **D**-( **B** + **C** ) هەردووکیان ڕاستن

**24**.هۆرمۆنی دەرپەڕاندنی هاندەری ثایرۆیدە رژێن و هۆرمۆنی هاندەری ثایرۆیدە رژێن هەردووکیان:-

**A**–لە هەمان کوێرە رژێنەوە دەردەدرێن **B**–هەمان خانەی ئامانجیان هەیە

**C**-لەڕێگەی پەرچە پێدانەوەی نەرێنی خەستی هۆرمۆنەکانی ثایرۆیدە رژێن لە خوێندا ڕێکدەخەن **D**–هەموویان ڕاستن

**25**.بیرخەرەوە خانەکان یەکەم جار دروست دەبن لە:-

**A**-وەڵامدانەوە بەرگرییەکانی سەرەتایی **B**-وەڵامدانەوە بەرگرییەکانی دووەمی **C**-وەڵامدانەوەی هەوکردنەکان **D**-وەڵامدانەوەی گەرمی

**26**.ئەلەنتۆیس دروست دەبێت لە ماوەی:-

**A**-سێیەکی یەکەم لە سکپڕی **B**-سێیەکی دووەم لە سکپڕی **C**-سێیەکی سێیەم لە سکپڕی **D**-دروستبوونی هێلکەدا

**27**.کام لەمانە دەربارەی هۆرمۆنی ئۆکسیتۆسین ڕاستە؟

**A**- وروژمکردنی شیر لە مەمك وریادەکاتەوە لە کاتی شیرپێدان **B**-لە لایەن پلی دواوەی ژێر مێشکە رژێن بەرهەمدەهێنرێت

**C**- هانی بەرهەمهێنانی شیر لە مەمکەکاندا دەدات لە ماوەی شیرپێدانی منداڵ ... **D**-( **A** ,**B** ) هەردووکیان ڕاستن

**28**.لە کام لەم لێکدانانە ڕێژەی ڕووخسارەبابەت و ڕێژەی بۆماوەبابەت یەکسان نین؟

**A**- GGBb × ggBb **B**- Ggbb × ggBb **C**- GG × gg **D**- Gg × gg

29.هەموو ئەمانە بەشێکن لە لیمفەکۆئەندام جگەلە :-

A-موولوولەی لیمف　　B-ئەو لوولانەی تەنها لیمف لە دڵەوە بۆ شانەکان دەگوازنەوە

C-لیمفەگرێ　　D-ئەو لوولانەی لیمف لە شانەکانەوە بۆ کلۆرە خوێنهێنەری سەروو دەگوازنەوە

30. ............... ئەو بەشەی دەماخە کە تێگەیشتنی بەرکەوتنە ڕاگەیاندنەکانی تێدایە.

A- لانك　　B- لاکێشە مۆخ　　C-مێشك　　D- ناوەڕاستە دەماخ

31.مووەکانی لەشی مرۆڤ لە هەستی بەرکەوتندا بەشداری دەکەن چونکەچەمانەوەی موو ژمارەیەکی زۆر لە..............وریادەکاتەوە کە دەکەونە بنکی ...............لە پێستدا. A–گەرمییە وەرگرەکان ، توێژ　　B–کیمیکە وەرگرەکان ، توێژ


C-میکانیکە وەرگرەکان ، سەلکی موو　　D–کیمیکە وەرگرەکان ، سەلکی موو

32.ڕووی لێکچوون لە نێوان سییەخوێنبەرەکان و شاخوێنبەر ئەوەیە کە هەردوو جۆرە لوولەکە :-

A-دیواریان لە سێ چین پێکهاتووە.　　B-خوێنی تێرئۆکسجین بۆ دڵ دەگوازنەوە

C-خوێنی تێرئۆکسجین بۆ دوور لە دڵ دەگوازنەوە　　D–( C +A ) هەردووکیان ڕاستن

33.بە پشت بەستن بەو شێوەیەی بەرامبەر کە دوو جووت کرۆمۆسۆمی لێکچووی رووەکی پۆلکە دەنوێنێت،وەڵامی ڕاست لەمانەی خوارەوە هەڵبژێرە:-



سیفەتی ڕەنگی گوڵ هەڵدەگرێت　　سیفەتی ڕەنگی تۆو هەڵدەگرێت


A-هەردوو هۆکاری P و p لە یەکتر جیانابنەوە لە کاتی دروستکردنی گەمیتەکان

B- بۆمانەوەی سیفەتی ڕەنگی گوڵ بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەبێت لە بۆمانەوەی سیفەتی ڕەنگی تۆو

C- هەردوو هۆکاری Y و y لە یەکتر جیانابنەوە لە کاتی دروستکردنی گەمیتەکان

D-یاسای دابەشکردنی سەربەخۆ جێبەجێناکرێت لەسەر هەردوو بۆهێلی ( P ، p ) و ( Y ، y )

34.لەو شێوەیەی بەرامبەردا ئەو ڕەنووسانە چین کە ئاماژە بە چینەکانی خانە دروستکەرە یەکەمییەکان دەکەن؟




A-6 ، 2 ، 5

B-1 ، 4 ، 8

C-4 ، 7 ، 2

D-6 ، 1 ، 3


35.کام لەمانە نموونەیە بۆ تەواوکاری کۆئەندامەکان؟

A- دابەشکردنی خۆراکە ماددە پەیدابووەکان لە کۆئەندامی هەرسدا بە هۆی کۆئەندامی سورانەوە بەجێدێت

B-چالاکی کۆئەندامی سوڕان بەندە لەسەر خۆراکە ماددە هاتووەکانی کۆئەندامی هەرس و ئۆکسجینی هاتوو لە کۆئەندامی هەناسەوە

C-کوێرە ڕژێنە کۆئەندام هۆرمۆنەکان دەردەدەن کە چالاکی کۆئەندامی زۆربوون ڕێکدەخەن　　D-هەموویان ڕاستن

36.کام لەم هەڵبژاردانەی خوارەوە وەسفی ئەو دوو شێوەیەی بەرامبەر بەتەواوی دەکات؟


شێوەی 1　　شێوەی 2

A-

| | لە شێوەی 1 دا | لە شێوەی 2 دا |
|---|---|---|
| ناوپەنچك | گرژ دەبێت | خاودەبێت |
| ماسولکەی پەراسووەکان | خاودەبن | گرژ دەبن |
| سنگە کەلێن | فراوان دەبێت | تەسك دەبێت |

B-

| | لە شێوەی 1 دا | لە شێوەی 2 دا |
|---|---|---|
| ناوپەنچك | خاودەبێت | گرژ دەبێت |
| ماسولکەی پەراسووەکان | گرژ دەبن | خاودەبن |
| سنگە کەلێن | تەسك دەبێت | فراوان دەبێت |

C-

| | لە شێوەی 1 دا | لە شێوەی 2 دا |
|---|---|---|
| ناوپەنچك | خاودەبێت | گرژ دەبێت |
| ماسولکەی پەراسووەکان | خاودەبن | گرژ دەبن |
| سنگە کەلێن | تەسك دەبێت | فراوان دەبێت |

D-

| | لە شێوەی 1 دا | لە شێوەی 2 دا |
|---|---|---|
| ناوپەنچك | گرژ دەبێت | خاودەبێت |
| ماسولکەی پەراسووەکان | گرژ دەبن | خاودەبن |
| سنگە کەلێن | فراوان دەبێت | تەسك دەبێت |

37.هەموو ئەمانە دەربارەی جەمسەرە تەنی یەکەم و جەمسەرە تەنی دووەم هەڵەن جگە لەوەی کە هەردووکیان خانەی:-

A-تاك کۆمەڵەی کرۆمۆسۆمین　　B-لەناو جۆگەی فالوب پەیدا دەبن　　C-لە ناو هێلکەدان پەیدا دەبن　　D-جووت کۆمەڵە کرۆمۆسۆمین

38.لە زۆربەرزبوونەوەی خەستی هۆرمۆنی هاندەری تەنی زەرد کە لە نیوەی سوڕی هێلکەدانیدا ڕوودەدات ............ی.لێ پەیدا دەبێت.

A-کەوتنە سەرخوێن.　　B-تەقینەوەی چیکڵدانەو دەرپەڕینی هێلکە　　C-چەقین　　D-چیکڵدانە

39.لە جووتبوونی جووتە دوورەگبووندا ( دوورەگ × دوورەگ ) ژمارەی بۆماوە بابەتی جیاوازی پێشبینیکراو و ژمارەی روخسارە بابەتی جیاوازی پێشبینیکراو بریتین لە :-　　A–نۆ بۆماوە بابەت و چوار روخسارە بابەت　　B–چوار بۆماوە بابەت و نۆ روخسارە بابەت

C-چوار بۆماوە بابەت و چوار روخسارە بابەت　　D–نۆ بۆماوە بابەت و نۆ روخسارە بابەت

40.دەمارە پپتید و دەمارە گوێزەرەوە هەردووکیان لە لایەن :-


A–کوێرە ڕژێنەکانەوە دەردەدرێن و وەکو هۆرمۆنەکان پۆلێن دەکرێن　　B-دەمارە کۆئەندامەوە دەردەدرێن و وەکو هۆرمۆنەکان پۆلێن دەکرێن

C-کوێرە ڕژێنەکانەوە دەردەدرێن و وەکو نێردراوی کیمیایی کاردەکەن　　D–دەمارە کۆئەندامەوە دەردەدرێن و وەکو نێردراوی کیمیایی کاردەکەن

**41.** لە زاڵبوونی تەواودا ، روخسارە بابەت هەمیشە ناتوانێت بۆماوە بابەت بنوێنێت چونکە :-
A- روخسارەبابەت بە دوو ئەلیل یان زیاتر کارلێکراو دەبێت　　B- لەوانەیە هۆکاری ژینگەیی کاری لە روخسارە بابەت کردبێت
C- بۆماوەبابەتی زاڵی یەکرەگ و بۆماوەبابەتی زاڵی دوو رەگ هەمان روخسارەبابەتیان هەیە　　D- ( C + B ) هەردووکیان راستن

**42.** کام لەمانە نموونە نییە بۆ بەستەرە شانە؟
A- خوێن　B- چینی دەرەوە لە پێکهاتەی لوولەکانی خوێندا　C- ئەو شانەیەی ناو پۆشی بۆری هەوا دەکات　D- چەورییە شانە

**43.** بە پشت بەستن بەم شێوەیەی بەرامبەر هەردوو پێکهاتەی ( X و Y ):





A- دوو ناوچە شانەی تایبەتمەندن کە هەر یەکێکیان بە گرێ ناودەبرێت
B- پێیان دەوترێت هەنگاو دروستکەر
C- لە هەر 0.8 چرکەیەك تەزوویەکی کارەبایی دەردەپەڕێنن و دەبنە هۆی گرژبوونی هەردوو گوێچکەڵە
D- ( B , A ) هەردووکیان راستن

**44.** هەردوو گون ..................... بەرهەمدێنن.
A- تۆوەکان　B- توخمە هۆرمۆنەکان　C- ئەو شلانەی خۆراك بەتۆوەکان دەدەن و دەیانپارێزن.　D- ( B + A ) هەردووکیان راستن

**45.** کام لەمانە دەربارەی دەمارە خانە راستە کاتێك لەباری حەسانەوەیە ؟
A- خەستی ئایۆنەکانی پۆتاسیۆم $K^+$ بەرزتردەبن لەناوەوەی خانەکە وەك لە دەرەوەی خانەکە.
B- خەستی ئایۆنەکانی پۆتاسیۆم $K^+$ بەرزتردەبن لەدەرەوەی خانەکە وەك لە ناوەوەی خانەکە.
C- خەستی پرۆتینە بارگە نێگەتیڤەکان بەرزتردەبن لە دەرەوەی خانەکە وەك لە ناوەوەی خانەکە
D خەستی ئایۆنەکانی سۆدیۆم $Na^+$ بەرزتردەبن لەناوەوەی خانەکە وەك لە دەرەوەی خانەکە

**46.** لەم شێوەیەی بەرامبەر هەموو ئەمانەی خوارەوە دەربارەی ئەو خانەیەی کە بە ژمارە 1 ئاماژەی پێکراوە راستن جگە لە




A- دژە پەیداکەرەکان لەسەر رووەکەی دەردەخات
B- بەهۆی ئینتەر لوکینی 1 چالاك دەبێت
C- هۆکارەکانی نەخۆشی قووت دەدات
D- جۆرێکە لە خرۆکە سپییەکانی خوێن

**47.** ئەسپرین و ئەسیتامینۆفین توندی ئازارەکانی تالێهاتن کەمدەکەنەوە لە رێی وەستاندنی دروستبوونی :-
A- پرۆستاگلاندینەکان.　B- ئیندۆرفینەکان.　C- ئینکیفالینەکان.　D- هەموو وەڵامەکان راستن

**48.** لە کام لەم جووتبوونانەی خوارەوە رووەکی شەوبۆی گوڵ پەمەیی پەیدا دەبێت ؟
A- رووەکی شەوبۆی گوڵ سوور × رووەکی شەوبۆی گوڵ پەمەیی　　B- رووەکی شەوبۆی گوڵ سوور × رووەکی شەوبۆی گوڵ سپی
C- رووەکی شەوبۆی گوڵ پەمەیی × رووەکی شەوبۆی گوڵ پەمەیی　　D- هەموویان راستن

**49.** لە رووەکی پۆلکەدا روخساری درێژ ( T ) زاڵە بەسەر روخساری کورت ( t ) و روخساری تۆو لووس ( R ) زاڵە بەسەر روخساری تۆو چرچ ( r ) ، لێکدانێك لە نێوان رووەکێکی پۆلکەی قەد درێژی تۆو لووس لەگەڵ رووەکێکی تری قەد کورتی تۆو چرچ ئە نجامدرا لە ئە نجامدا رووەکە پەیدابووەکان بۆ سیفەتی رووی تۆو هەموویان تۆو لووس بوون و بۆ سیفەتی درێژی قەد نیوەیان قەد درێژ بوون و نیوەی دیکەیان قەد کورت بوون کام لەمانە بۆماوە بابەتی هەردوو باوانەکە دەنوێنێت بۆ هەردوو سیفەتەکان بەیەکەوە؟
A- ttrr × ttRr　B- ttrr × TtRR　C- ttrr × ttRR　D- ttrr × TTRr

**50.** ..................... سیستمی تەواوکار چالاك دەکات لە وەڵامدانەوە بەرگرییەکانی دەردانیدا.
A- رووبەرووبوونەوەی هۆکاری نەخۆشییەکی دیاریکراو　　B- پێکهێنانی پێکهاتوویەکی شێوە ئەڵقەیی
C- بەستنەوەی دژەپەیداکەر بە دژەتەن　　D- دەردانی ئینتەرفیرۆن

# A

وەڵامی نموونەیی تاقیکردنەوە گشتییەکانی پۆلی دوازدەی ئامادەیی ( زانستی ) بابەتی زیندەزانی

بۆ ساڵی خوێندنی 2020 - 2021 ( خولی دووەم )

| # | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 | 11 | 12 | 13 | 14 | 15 | 16 | 17 | 18 | 19 | 20 | 21 | 22 | 23 | 24 | 25 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | D | D | C | A | B | C | A | D | D | A | C | C | D | C | C | B | B | A | D | A | C | C | B | C | A |

| # | 26 | 27 | 28 | 29 | 30 | 31 | 32 | 33 | 34 | 35 | 36 | 37 | 38 | 39 | 40 | 41 | 42 | 43 | 44 | 45 | 46 | 47 | 48 | 49 | 50 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | A | A | A | B | C | C | A | B | B | D | D | A | B | A | D | D | C | A | D | A | B | A | D | B | C |